بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی کۆیە بڕیاری جیاکردنەوەی کوڕ و کچ دەدات لە قۆناغی بنەڕەتی-

بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی کۆیە: "هەستمان کردووە ئاستی زانستی لەو خوێندنگایانەی کوڕ و کچ تێکەڵن نزم بۆتەوە...

ژیار عومەر
یەکگرتوو/ کۆیە

تێکەڵ کردنی کوڕان و کچان لە قۆناغی بنەڕەتی کە قۆناغێکی هەستیارە و لە ماوەی ڕابردوودا چەندین نارەزایی بەدوای خۆیدا هێنا، چەندین جار داوا کرا لە لایەن دایکان و باوکانەوە، کە منداڵەکانیان لەو قۆناغەدا چیتر بەناوی سیستمی سویدی و وڵاتانی ترەوە کوڕ و کچەکانیان تێکەڵ نەکرێت. ئەمە جگە لەوەی چەندین کێشە دروست بووە، خودی پسپۆڕان و ئەو کەسانەی لە بواری پەروەردە کاردەکەن دان بەو ڕاستیەدا دەنێن کە تاکە چارەسەر بۆ ئەو کێشانەی بەهۆی ئەم تێکەڵ کردنەوە دروست ببوو لێك جیاکردنەوەی کوڕان و کچانە لەو قۆناغەدا.

لەسەر داوا و فشاری دایکان و باوکانو قوتابیان و تەنانەت خودی مامۆستایانیش بە بڕیارێکی بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی کۆیە لە ڕۆژی (٦/٢/٢٠١٠)دا کوڕ و کچ لە قۆناغی بنەڕەتی لە خوێندنگاکانا جیاکرانەوە و، هەریەکەیان بە دەوامێکی جیاواز دەوام دەکەن.

لای خۆیشیەوە بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی کۆیە لە میانەی وتەیەکیدا بۆ یەکگرتوو باس لە هۆکاری دەرکردنی ئەو بڕیارە دەکات و پێی وایە کە دەرکردنی ئەو بڕیارە لە قازانج و سودی هەمووانداید، بەتایبەت ڕۆڵی گرنگی هەیە لە چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە ئێستا پەروەردە پێوەی دەناڵێنێ.

لەو بارەیەوە (رەنج حەمەد قادر) بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی کۆیە بە یەکگرتووی ڕاگەیاند: "لە بەر بەرژەوەندی گشتی لەسەر داواکاری کەسوکاری قوتابیان بڕیارماندا بە جیاکردنەوەی قوتابیانی کوڕ و کچ لە قۆناغی بنەڕەتیدا".

بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی کۆیە وتیشی: "هیچ جیاوازییەکی نییە لە ڕووی شوێنی قوتابخانەکاندا. واتە هەمان خوێندنگای پێشووە بەڵام کچەکان بەجیا لە دەوامێکدا دەوام دەکەن و کوڕەکانیش لە دەوامێکدا دەوام دەکەن. هەرچەندە بەپێی ئەو سیستمە نوێیە دەبێت لە قۆناغی (١-٩) کوڕ و کچ تێکەڵ بن، بەڵام بەڕاستی ئەو بینایانەی ئێمە هەمانە لەگەڵ ئەو سیستمە نوێیەی خوێندن ناگونجێت".

ڕوونیشی کردەوە: "هەرچەندە بیرم کردەوە چارەسەری تر نەبوو و، ڕۆژبەڕۆژ کێشەکان زیادی دەکرد، بۆیە دڵنیام لە (٩٠٪)ی ئەو کێشانە بەهۆی ئەم جیاکردنەوەیەوە چارەسەر دەبن".

(رەنج حەمەد قادر) بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی کۆیە ئاشکرای کرد: هەستمان کردووە ئاستی زانستی لەو خوێندنگایانەی کوڕ و کچ تێکەڵن نزم بۆتەوە و بەرەو دواوە چووە لەچاو ئەو خوێندنگایانەی لە شوێنەکانی تر تێکەڵ نین، لە لایەکی تر ماندوویی مامۆستاکان کە دەبووایە هەمیشەوەك چاردێر لە دەرەوە بوونایە چونکە کۆنترۆڵ نەدەکران".

مامۆستایانیش پێیان وایە کە دەبوو زووتر ئەو بڕیارە بدرایە، چونکە کاتی خۆی کە بڕیاری تێکەڵکردنی کوڕ و کچ لەو قۆناغەی خوێندن دراوە بارودۆخی کۆیە لەبەرچاو نەگیراوە.

(مامۆستا سەلیم) یاریدەدەری بەڕێوبەر لە خوێندنگای (سەرباخ) بۆ یەکگرتوو وتی: "ئێمە وەك خوێندنگاکەی خۆمان لە ڕۆژی شەممەوە ئەو بڕیارەمان جێبەجێ کردووە،کوڕان بە جیا لە دەوامێکدا دەوام دەکەن،کچانیش بەجیا لە دەوامێکدا دەوام دەکەن".

ڕاشیگەیاند: "کاتی خۆی کە بڕیاری تێکەڵکردنی کوڕان و کچان دراوە ڕەچاوی بارودۆخ و هەڵومەرجی کۆیە نەکراوە".

کەسوکاری قوتابیانیش وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵی خۆیان بەو بڕیارە و بە جیاکردنەوەی کوڕ و کچەکانیان لە قۆناغەکانی خوێندا، بەڵام پێیان وایە ئێستا ئەو بڕیارە درەنگە، بەتایبەت لەمساڵدا کە نیوەی ساڵ تێپەڕیوە وبە بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی ناودەبەن.

(مامۆستا عوسمان) کە دوو کوڕ و کچێکی لە قۆناغی بنەڕەتیدایە پێی وایە ئەم بڕیارە پەیوەندی هەیە بە نزیکبوونەوەی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانەوە، باس لەوە دەکات کە کەسوکاری قوتابیان لەمێژە داوادەکەن کوڕ و کچەکانیان لەو قۆناغە هەستیارەی تەمەنیاندا جیا بکرێنەوە، بەڵام وەك خۆی دەڵێت کەس گوێی بۆ نەگرتوون".

لەو بارەیەوە وتی: "چەندین جار لە کۆبوونەوەی دایکان و باوکان لەگەڵ مامۆستایاندا تەنانەت کار گەیشتۆتە ئەوەی بڕیاری خۆپیشاندان بدەین تا ئەوەی پەروەردە گوێمان لێ بگرێت و کوڕ و کچەکانمان لەو تەمەنە نلسکدا لە قۆناغی بنەڕەتی لە یەکتر جیابکەنەوە، بەڵام هەر گوێیان لێ نەدەگرتین".

وتیشی: "ئێستاش وێڕای خۆشحاڵیمان بەو بڕیارە بەڵام لە هەمان کاتدا گومانمان هەیە لێی پێمان وایە ئەمەش وەك کارەکانی تریان زیاتر بۆ بانگەشەی هەڵبژاردنە، ئەگەرنا بۆ پێشتر گوێیان لێ نەدەگرتین و وەڵامیان نەئەدایەوە، ئێستاش کە نیوەی ساڵ تێپەڕیوە دێن بڕیارێکی لەو جۆرە دەردەکەن".

(چرا ئیسماعیل) خوێندکاری قۆناغی هەشتەم پێی وایە، بڕیاری جیاکردنەوەی کوڕان و کچان لەیەکتر لە قۆناغەکانی خوێندن بڕیارێکی زۆرباشە، دەتوانێت ئازادانە مامەڵە بکەن".

لەو بارەیەوە وتی: "من ئەو بڕیارەم زۆر پێ باشە، بەتایبەت لەمەولا دەتوانین ئازادانەتر مامەڵە بکەین".

قوتابی هەیە لە بەشی ڕاگەیاندنە، کەچی ڕقی لە ڕاگەیاندنە..

سیامەند کەریم
یەکگرتوو/ هەولێر

بەشی ڕاگەیاندنی پەیمانگای تەکنیکی هەولێر لە ساڵی (١٩٩٩) لە دامەزراوە.

بۆ وردبوونەوە لە چۆنیەتی دامەزراندنی ئەم بەشە و مەبەستی دامەزراندنی ئەم بەشە، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی بەڕێز (د. دلێر ئەحمەد حەمە) کرد بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندنە.

یەکگرتوو: مەبەست لە دروستکردنی، یاخود دامەزراندنی ئەم بەشە چییە؟

د. دلێر ئەحمەد: ئامانج لە دروستکردنی ئەم بەشە ئەوەبوو کە هەست دەکرا، یاخود دەبینرا بۆشاییەکی ئەکادیمی لە ڕاگەیاندنی کوردیدا هەیە، بۆیە ویستمان لەو دەروازەیەوە ئێمە لەگەڵ کۆمەڵێ مامۆستا بتوانین ئەوەی کە هەیە لە بواری ڕاگەیاندندا، جگە لەلایەنی پراکتیکی، کە خەڵکێك ڕەنگە بە ئارەزووی خۆی، واتا بە خۆڕسکی هەندێك شت فێر بووبێ، وەك بواری تی ڤی و ڕادیۆ و ڕۆژنامە، بۆیە لە ساڵی (١٩٩٩) ئەم بەشەمان دامەزراند، بۆ ئەوەی بتوانرێ تەواو بڕەو بە ڕاگەیاندنی کوردی بدرێت..

یەکگرتوو: ئەو وانانەی کە دەخوێنرێن، چین؟

د. دلێر ئەحمەد: هەر لە سەرەتای وەرگرتنی قوتابییەوە، واتا لە قۆناغی یەکەمدا، بەشەکەی جیادەبێتەوە، واتا بەشێك دەستنیشان دەکات، ئێمە بەشی (ڕادیۆ و تی ڤی)مان هەیە لەگەڵ بەشی ڕۆژنامە، لە قۆناغی یەکەمی بەشی ڕۆژنامەوانی دەرسی نووسینی ڕۆژنامەوانی دەخوێنرێت، کە ئەمە دەرسێکی ئەساسییە، لە لقی ڕادیۆ و تەلەفزیۆندا دەرسی هونەرەکانی نووسین و پێشکەشکردن دەخوێنرێت، دواتر بەگشتی جۆرەها وانەی گرنگ دەخوێنرێت لە هەردوو بەشدا لە قۆناغی دووەمدا.

یەکگرتوو: قوتابیان گلەیی ئەوە دەکەن کە مامۆستاکانیان بە شێوەی پێویست وانەکان ناڵێنەوە،زیاتر پشت بە سەرچاوە دەبەسترێ، ئایا هۆکاری ئەمە چییە؟

د. دلێر ئەحمەد: ئێرە پەیمانگایە، نەك ئامادەیی، لێرە سیستەمی خوێندن جیایە لەگەڵ ئامادەیی، بۆیە قوتابی چونکە لە سیستەمێکی پەروەردەیی هەڵەوە هاتووە، وا بیر دەکاتەوە کە دێتە پەیمانگاش ئێمە کتێبێکی دەدەینێ و دەڵێین ئەمە مەنهەجتە، لێرە ئێمە پەیڕەوی سەرچاوەکان دەکەین، هەر مامۆستایەك کە موحازەرەیەك دەچێتە ژوورێ، لە چەند سەرچاوەیەك وانەکە کۆدەکاتەوە، ئینجا بە قوتابیەکان دەڵێتەوە، بەردەوام بە قوتابیان دەڵێین کە ئەمەی من بۆتان دەوروژێنم، ئەمە بەشێکە، دەبێ خۆتان بەدوای سەرچاوەکانی تردا بگەڕێن، بەڵام بەداخەوە قوتابیەکانی ئێمە کەمتەرخەمن.

یەکگرتوو: دەبینرێت کە بەشی ڕاگەیاندنی پەیمانگا ڕادیۆ و تەلەفزیۆنێکی زۆر پڕۆفیشناڵی هەیە، دوو ستۆدیۆی زۆرباش، ئایا بۆچی دەست ناکەن بە پەخشی ئاسایی، بۆ ئەوەی قوتابیان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کارەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن بکەن؟

د. دلێر ئەحمەد: ڕاستە ئێمە دوو ستۆدیۆی باشمان هەیە لەگەڵ ئامێری زۆرباش و پەخشەکەمان (١٨٠-٢٠٠ وات) دەبێت و دەتوانێ کە بەشێکی زۆری ناوچەی باشوری هەولێر بگرێتەوە، تێستمان پێکردووە، ئێمەش پێمان خۆشە بیکەینەوە، بەڵام بەڕێوەبردنێکی زۆری دەوێ و لایەنی ماددی زۆر گرنگە، کە ئێمە ناتوانین بەدەستی بێنین، بۆیە زیاتر قوتابیان لەناو بەشەکەوە کاری لەسەر دەکەن.

یەکگرتوو: بۆچی بەشێکی زۆری قوتابیانی دەرچووی بەشی ڕاگەیاندن لە پەیمانگا تا ئێستاش لەو ئاستەدا نین کە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بتوانن کاریان پێ بکەن؟

د. دلێر ئەحمەد: ساڵانی ڕابردوو ئێمە ئەم ستۆدیۆیانەمان نەبووە و پراکتیکیمان کەم بوو، بۆیە قوتابیانمان مەغدور بوون لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامە، بۆیە زیاتر تیۆری وانەکانیان دەخوێند، ئێمەش کەمتەرخەم نەبووین، بەڵام لایەنی ماددی ئێمە کەم بوو، بەڵام ئێستا دەتوانم بڵێم بە جۆرێك هەڵمان بۆ قوتابی ڕەخساندووە، کە گەر قوتابی پابەند بێت بە ڕێنمایی و وانەکان، زۆر دڵنیام کە گەر بڕواتە هەر تەلەفزیۆنێك، یا دەزگای ڕاگەیاندن، بە دڵنیاییەوە دەبێت مەمنونی بن.

یەکگرتوو: ئەو کێشەیەی کە ڕوبەڕووی قوتابیانی دەرچووی شەشەمی ئامادەیی دەبێتەوە، وەرنەگرتنی قوتابییە لەو بەشەی کە خۆی ئارەزوویەتی، کە ئەمە زۆر دەبینرێت، بەتایبەت لە پەیمانگای تەکنیکی، بەڕێزتان تا چەند هاوکارن بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە؟

د. دلێر ئەحمەد: زۆر ڕاستە ئێستا زۆرێك قوتابی لە بەشی ڕاگەیاندنە، کەچی ڕەنگە ڕقی لە بەشی ڕاگەیاندن بێت، ڕەنگە حەزی خۆی بەشەکانی تر بێت، کەچی نەکراوە، بۆیە ئێمەش ئەم خوێندنە بە هەڵە دادەنێین، بەڵام لە دەستی ئێمەدا نییە، لە دەست ناوەندی وەرگرتنی قوتابیاندایە، ئێمەش هیوادارین کە بتوانرێ قوتابیان بەپێی حەزی خۆیان بەو نمرەی کە دەگونجێ بۆ شوێنەکەی، بتوانرێ یارمەتی بدرێ.

یەکگرتوو: زمانی شیرینی کوردی ئەو زمانەی کە گەلی کورد شانازی پێوە دەکات، دەبینرێ لە زۆرێك لە ڕۆژنامەکان شێوێنراوە، ئایا هۆکاری ئەمە بۆ چی دەگەڕێتەوە؟

د. دلێر ئەحمەد: خۆی زمانی هەر نەتەوەیەك ناتوانێ دەرگا لە خۆی دابخا و بڵێ زاراوە لە زمانێکی تر وەرناگرم، بەڵام من کە وشەیەك لە فەرهەنگی زمانەکەمدا هەبێ، بۆچی پەنا بۆ زمانی تر ببەم؟ بۆچی سەر لە بینەر و خوێنەریش بشێوێنم، من ئەم هۆکارەش بۆ ئەوە دەگەڕێنمەوە کە کەسانێکی ڕاگەیاندنکار هەن دەیانەوێ خۆیان واپیشان بدەن کە زمانێکی تر دەزانن، کە ڕەنگە نەزانن، بۆیە تێکەڵ بە زمانی شیرینی کوردی دەکەن.

یەکگرتوو: دوای ئازادی عێراق بە شێوەیەکی زۆر بەرچاو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ڕادیۆ و تەلەفزیۆن، بەتایبەت تەلەفزیۆنەکان چ ناوخۆچ ئاسمانییەکان، لە زیادبووندان، لەگەڵ ئەوەشدا تا ئێستا بەشی زۆری کەناڵەکان لەو ئاستەدا نین بەرنامەیەك پێشکەش بکەن کە کولتوری کوردی بناسنن بە گەلانی دونیا، دەبینرێ کە تەواوی بەرنامەکان لاسایین، هۆکاری ئەمە چییە؟

د. دلێر ئەحمەد: خۆی ئەو هۆکارانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، چونکە ئێمە گەلێکی چەوساوە بووین و خاوەن ڕاگەیاندنێکی سەربەخۆ نەبووین، کادیر، یاخود ڕاگەیاندنکاری پسپۆڕی تایبەتمان نەبووە تەواوی کارەکانمان بە هەرەمەکی بەڕێوەبردووە، لەگەڵ ئەوەشدا کە دوای ڕاپەڕینی (١٩٩١)ەوە زیاتر هەنگاومان نا و ڕۆژنامە زۆر بوو، ڕادیۆ و تەلەفزیۆن زۆر بوو، نەوەستاین کە نالی ئاسمانیشمان کردەوە، خۆی هەنگاوی باش بوو، بەڵام خراپی ئەوەبوو کە ئێمە هەمیشە پەلە دەکەین لە کارەکاندا، پێش دەستپێکردنی کارەکانمان، بەرنامەیەکی وامان دانەڕشتووە کە بزانین چۆن کار بکەین، بۆیە ئەمە هەڵەیە، دەبێت بەر لە دانانی دەزگایەك، پێشتر بیرکردنەوە هەبێت، کە ئایا ئامانج بۆ ئەم کارە چییە.

یەکگرتوو: لە کۆتاییدا سوپاست دەکەین، چیت هەیە بۆ ئێمە؟

د. دلێر ئەحمەد: سوپاستان دەکەم، دەخوازم یەکێك بن لەو دەزگا ڕاگەیاندنانەی کە بتوانن زاڵ بن بەسەر شتە ناشیاوەکانی ناوبواری ڕاگەیاندندا.